کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
24-12-2007 1:07بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## زمان و خۆبەکەمزانینی کورد ... موحسین جوامێر

لە ڕێککەوتی 2007/10/02 دا دوو بابەتم چاو پی کەوتن، یەکیان لەلایەن هێژا موحسین شوانی ـ یەوە کە لە کوردستان نێتدا خوێندمەوە، ئەوی دیکەش لە لایەن هێژا موسەددەق تۆڤی ـ یەوە کە لە ڕۆژنامەی جەماوەر بڵاو کرابووەوە. ئەوەی کاک شوانی لەژێر ناوی (شەرەزمانی موحسین جوامێر لە نێوان سۆرانیزم و بادینیزمدا) و ئەوەی کاک تۆڤی لەژێر ناوی (بۆچوونەک ل سەر پەیاما موحسین جوامێری) کە دوو ئاڕاستەی لەیەک جیایان تێدا بەدی دەکرا لە بەرانبەر مەسەلەیەکی هەرەناسکی کە ڕووبەڕووی زمانەکەمان دەبێتەوە، لە حاڵی زووچارەسەرنەکردنیشیدا، ئەوە هەر لە ئێستەوە گەرەکە فاتیحە لەسەر ڕۆحی کورد بخوێندرێ و بێی هیچ فیڵ لەخۆکردنێک؛ دان بەوە دابنرێ کە کورد بەرەو نەتەوەگەل دەچێت.

گەورەترین بەهانەی برادەرانی داوای دروستکردنی زمانێکی دیکە لە بادیناندا دەکەن، ئەوەیە ڕێژەی ناجیحبوون لە دهۆکێ سەبارەت بە خوێندن بە سۆرانی، نزم بووە.. من لەمێژە گوتوومە ئەوەندەی ئەو ڕێژەیەی ناجیحبوون و ساقیتبوونە پێوەندیی بە شێوە و میکانیزمی دەرسگوتنەوە هەیە، پێوەندیی بە شێوەزاری خوێندن نییە، هەتا ئەگەر زمانی عیبریش بێت... نەوەی ئێمە هەموومان بە عەرەبی خوێندمان، لەسەرەتادا سڵقمان لە پیازی نەدەکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان باشی فێر بین و نووسەری بەتواناشمان لێ هەڵکەوت؛ لە دهۆکێ هەر بێحسێب.. کاک شوانی لە وتارەکەیدا دەڵی: "من بۆ خۆم ماوەی دوو ساڵ لە قوتابخانەیەکی بادینیی پەروەردەی ئاکرێ وانەم بە قوتابییانی بادینی گوتووەتەوە، هەستم بە هیچ گرفتێک نەکرد.. " هەروەها دەڵی: "ڕێژەی دەرچوونیش کۆمەڵێک هۆکاری تری هەیە " پاشان لە شیوەی پرسیاردا دەڵێ: "من دەپرسم ئەرێ خەڵکی بادینان ـ بەتایبەتی دهۆک لەسەردەمی ڕژێمدا کە بە عەرەبی دەیانخوێند ـ ڕێژەی دەرچوونی قوتابییان چۆن بوو؟ ".. بەندە لە وتارێکمدا باسی ئەوەم کردووە کە برادەرێک گوتی چوومە ماڵی بادینییەک، دیم مناڵەکانی جوان تێم دەگەیشتن، پرسیم ئەوە بۆ ئاوا، باوکیان گوتی بە سۆرانی دەخوێنن.

مامۆستا موسەددەق تۆڤی لە بنەتای بابەتەکەیدا بەم شێوەیە کورد دەهێنێتەوە سەر سفر: "گەلی کورد چ زمانێن ستاندارد نینن.. بەلێ دوو شێوەزاری ئەدەبیی هەنە "کە گەلی کورد هیچ زمانێن ستاندارد نینن؛ بلا بە ترکی ئان بعەرەبی ئان بفارسی بخوێنین.. ئەرێ ئەوەیە خۆ کەمکردنەوە لەبەرچاوی دۆست و دوژمندا. دوای سەد ساڵ خوێندن و نووسین، بێیت بێژی "گەلێ کورد چ زمانێن ستاندارد نینن".. باشە کەی ئەم زمانە دێتە کایە. ؟ مەگەر ڕۆژی قالووبەلایە. !

ئەوەی وتارەکەی سەیدا تۆڤی بخوێنێتەوە، دەزانێ ئەم پێشنیارەی خوارەوە، لوتکەی بەزین و دابەزینە: "دگەل هندێ بزاڤێن ژ هەڤنێزیکرنا هەردوو شێوەزاران و ئاشناکرنا گشت کوردان ب هەردووان ب ڕێکا خواندنا دەرسەکا سەرەکی ژڤی شێوەزاری ل دەڤەرا شیوەزاری دن و بەروڤاژی و ب کارئینانا پەیڤێن هەپشک و زاراڤێن هەڤگرتی د هەردوو بەرنامێن خواندنێدا ".. جگە لەوەی هەنگاوێکە بۆ جیابوونەوەی یەکجارەکی، بەڵام لەسەر یاسای هێدی هێدی.. چونکە تەنیا خوێندنی زاراڤای یەکدی واتە خوێندنی زمانی یەکدی، لە دنیا ـ هەتا لە ئەفریقاش ـ نەبووە یەک میللەت بە دوو زاراوە بخوێنن.

بەندە ئێستە هەست دەکەم کە خەریکە کوردان لە من تێدەگەن، هەروەک پێش ماوەیەک نووسەرێکی عەرەبینووسی ئاکرەیی بە ئیمێل پیرۆزباییی لێ کردم. پێویستە ڕاستی بۆ خەڵک ڕۆشن بکرێتەوە، بەتایبەتی چونکە ئەم مەسەلەیە، هی بژاردە"نوخبە"یە و هەموو کەس تێی ناگات؛ هەتا ئەگەر نۆبڵی لە کشتوکاڵ هەبێت.. من یەک بەخۆم، تا دە ساڵ پێش ئێستە هەستم بە مەترسییەکە نەدەکرد و هەتا لام ئاساییی بوو منداڵی خۆم بنێرم بۆ لاتینی، وەلێ کە سەرنجی بەرنامەکانی ڕۆژـ تێڤێم دەدا و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆم دەرکەوت کە سەبارەت بە گەڕەلاوژەی لەهجان؛ سەدا سفریش لە هەموو بەرنامەکان ناگەن، ئەوجا زانیم، کوڕە ئەوە ئێمە لە دووڕێیانی کارەساتیکی زمانەوانیی گەورەداین و خەوتووین. هەڵبەت ئێستە هێندێ خودان لەهجانی ڕۆژ ـ تێڤێ بە ئاشکرا بانگەواز بۆ لەهجەکان دەکەن و هەوڵ دەدەن پێوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ ڕۆشنبیران لە خانەقین و پاوە و مەریوان و شوێنی دیکەدا بکەن.

کاک موحسین شوانی ڕاست دەکا کاتێ دەڵێت ؛ ".. چونکە لە ئەنجامی بەکارهێنانی شیوەزارێکی تر لەبری سۆرانی یاخود ڕاستر بڵێین شێوەزارە باوەکەی خوێندن و نووسین لە کوردستانی باشوور، ئەوە لە لەتلەتبوون و دوورکەوتنەوەی نەتەوە لە یەکتری چیتر ناگەیەنێ، نەک بە مانای باشتر و پیرۆزتر و خۆسەپێنەر و هتد.. بەڵکوو بۆ پاراستنی زمانی نەتەوە بە بەکارهێنانی شێوزارێک بۆ نووسین و خوێندن.. ئەگەر واش نییە، ئەوە هەورامانیش داوای خوێندنی شێوەزاری خۆی دەکات و گۆران و لوڕ و هتد.. موحسین جوامێریش کە خۆی لەدایکبووی هەولێرە، داوای شێوەزاری تایبەتیی هەولێرییەکان دەکات و غەفوور مەخمووری و موحسین شوانی و عەزیزی مەلاڕەش و.. هەوڵی سەپاندنی شێوەزاری دەشتی قەراج کە زمانی مەڵبەندی سەرهەڵدان و زمانی حەیرانە؛ دەدەن و بەم شێوەیەش دەبێتە ئاشی بێئاشەوان ".. بەم دواییە چەندین بەیاننامە، نووسین و بڵاوکراوە دابەشکراوە، تێیدا داوای نەک هەر بادینی و کرمانجی دەکرێ، بگرە ئیدیکەش، ئەویش بەناوی کوردایەتی، مافی مرۆڤ و مافی زمانی دایک.

وەک لە ناونیشانەکە ئاماژەم پێ کردووە، سەیدا موسەددەق تۆڤی نموونەیەکە بۆ خۆبەبچووک و کەمزانینی کورد سەبارەت بە هەوڵدان بۆ ئەوەی زمانەکەی پارچەپارچە بکرێت و هەر یەکێک بە ئاوازێک بقووقێنێت، ئەمەشیان زۆر لە پیلانی سایکس ـ بیکۆ خەتەرناکترە، چونکە ئەگەر سایکس ـ بیکۆ کوردی بەسەر چوار دەوڵەتان دابەش کردبێ، ئەوا بەدەستی ئەولادی کورد؛ کورد بەلای کەمییەوە دەبن بە پێنج زمان، واتە پێنج نەتەوە.. ئەگەر بێتوو سەرکردایەتیی کورد زوو چارەی ئەم کێشەیە نەکات، ئەوە هەموو کورد لەڕووی زمانەوە دەبن بە نامۆ و تەنیا بە پەنابردنەبەر زمانێکی بیانی؛ لەیەکتر حاڵی دەبن کە دڵنیام تەنانەت مامۆستا تۆڤی ژی بەمە قایل نییە.

23/12/2007

mohsinjwamir@hotmail.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.